# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق

**کاوە رشید کاکی[١]، جەزا تۆفیق تالیب[٢]**
[١،٢] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: **rashid.060003@univsul.edu.iq**

**پوختە:**

دابەشبوونی جوگرافیی دانیشتوان؛ پرسێکی گرنگە لە پرسەکانی بابەتی جوگرافی و تەوەرێکی گرنگی لە توێژینەوە دانیشتوانییەکاندا پێکهێناوە، چونکە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت کەتوار (واقع)ی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و پەیوەندیی بە شوێن و ژینگەوە دەربخات، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت واقعی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا بخرێتەڕوو، چونکە دابەشبوونی دانیشتوان دەرئەنجامە بۆ کارلێکی نێوان خودی دانیشتوان لەگەڵ تەواوی توانا ژینگەییەکانی ئەو ناوچەیەی تێیدا نیشتەجێن. هەروەها دابەشبوونەکان دەتوانن کۆمەڵێک شێوازمان بۆ دروستبکەن، کە دواجار هەریەک لەو شێوازانە شیکاری و لێکدانەوەی خۆیان هەیە. لە توێژینەوەکەدا سەرەڕای بەکارهێنانی داتا و زانیارییە ژمارەییەکانی دانیشتوان، هەوڵدراوە تەکنیکی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) و ڕێگا ئامارییەکانی تایبەت بە دابەشبوون بەکاربهێنرێت، تاکو لەڕێگەی ئەنجامەکانەوە شیکاری و چارەسەری گونجاو بۆ تەواوی کێشەکانی پەیوەست بە دابەشبوون و تێکچوونی هاوسەنگیی دابەشبوونەکە بخرێتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بۆ چوار تەوەری سەرەکی (دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوان، دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان، دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان، شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان) دابەشکراوە، تیایدا دەرکەوتووە ناهەوسەنگی لە دابەشبوونی شوێنی و قەبارەیی و ژینگەیدا بوونی هەیە و شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بۆ سەلماندنی ناهاوسەنگیەکە باشترین گەواهیدەرن.

**وشە کلیلییەکان:** (دابەشبوون، دابەشبوونی دانیشتوان، شێوازەکانی دابەشبوون)


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٢٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | rashid.060003@univsul.edu.iq |


| | |
|---|---|
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ کاوە رشید کاکی، پ. د. جەزا تۆفیق تالیب،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص:

التوزيع الجغرافي للسكان؛ هو قضية هامة في القضايا الجغرافية وشكل موضوعا هاما في البحوث السكانية، لأنه من خلال ذلك، فمن الممكن إظهار واقع الإستقرار البشرية وعلاقتها بالمكان والبيئة، لذلك هذه الدراسة تحاول إظهار واقع التوزيع السكاني على منطقة الدراسة، لأن توزيع السكان هو نتيجة للتفاعل بين السكان أنفسهم والقدرات البيئية الكاملة للمنطقة التي يعيشون فيها. يمكن للتوزيع أيضا إنشاء مجموعة من الأنماط، وفي نهاية المطاف كل منها له تحليله الخاص. و في هذا البحث، وعلى الرغم من استخدام البيانات والمعلومات العددية، جرت محاولة استخدام تقنية نظام المعلومات الجغرافية (GIS) واستخدام الأساليب الإحصائية للتقسيم، بحيث يتم من خلال النتائج، عرض التحليلات والحلول المناسبة للمشاكل الكاملة المتعلقة بالتوزيع وتدهور ميزان التوزيع. ولهذا الغرض، سيركز البحث على أربعة مواضيع رئيسية (توزيع مكاني وعددي للسكان، وتوزيع الحجمي للسكان، والتوزيع البيئي للسكان، وأنماط التوزيع )، وقد تبين أن هناك اختلالا في توزيع الموقع والحجم والبيئة، وأن أساليب توزيع السكان لإثبات عدم التوازن هي أفضل دليل.



**كلمات المفتاحية:** (توزيع، توزيع السكان، أنماط التوزيع).



## Abstract:

The geographic distribution of population is an important topic in geography and constitutes an important topic in population researches because through it, the facts about the inhabiting of the population and its relations to the location and the environment are shown. For that reason, an attempt is made in this paper to demonstrate the facts of the population distribution onto the location studied in this paper because population distribution is the outcome of the interactions between the population with all the environmental factors that exist in the place where they have dwelt. The divisions can also make some patterns that can be analyzed and explained. In the research, despite using numeric data and information about the population, an attempt is made to use systematic techniques for geo-information and specific statistics relation to the population division to, through the results, show a suitable solution to the (GIS) problems related to the distribution and the imbalance of the distribution of the population. The research includes four main topics (the distribution of the location and the number population, The volume of the population division, The environmental division of the population, and the sorts of the population division) and it is noticed that there is an imbalance in the location, mass, and environmental distribution and the types of the distributions can be a good evidence for such imbalances.



**Keywords:** (Distribution, Distribution of Population, Patterns of Distribution)


## پێشەکی:

دابەشبوونی جوگرافیایی دانیشتوان بە یەکێك لەگرنگترین بابەتەکانی جوگرافیای دانیشتوان دادەنرێت، نەخشە و کەتوار (واقع)ی دابەشبوونی دانیشتوان، دەرئەنجامی کارلێککردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نێوان فاکتەرە سروشتیو مرۆییەکانن لەهەر ناوچەیەکدا. گرنگیی ئەم بابەتەش لەوەدا دەردەکەوێ کە زانینی دابەشبوونی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەر پلانێك دەبێت کە بەئامانجی بەرەوپێشبردنو پەرەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت، بەمەبەستی دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگەیەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەنجامدەدرێت. ئاشکرایە هەموو پرۆژەیەکی پلاندانانی پێشوەخت پێویستی بە کۆمەڵێ توێژینەوەی زانستی دەبێت، تاکو ببنە بەرچاوڕوونی و بتوانرێ لەڕێگەی دەرئەنجامەکانیانەوە ئامانج و هەنگاوەکانی پلانەکە دابڕێژرێنەوە و بەگوێرەی

واقیعی ناوچەکە و پێویستییەکانی کار لەسەر هێنانەدیی ئامانجەکان بکرێت، ئیدی ئەگەر پلانەکە پلانێکی ماوە کورت یان دوور مەودا بێت، پلانێکی لۆکاڵی یان هەرێمی یاخود پلانێکی گشتگیر و فرە ڕەهەندبێت.

لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین توێژینەوە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بکەین لەڕووی دابەشبوونی شوێنیو ژمارەیو ژینگەییەوە، بەگوێرەی ئەو پێوەرو ستانداردانەی لەم جۆرە توێژینەوانەدا بەکاردەهێنرێن، هەتا بتوانین لەڕێگەیانەوە دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە لەڕووی دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی، دابەشبوونی قەبارەیی و دابەشبوونی ژینگەییەوە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە بخەینەڕوو.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە (نەبوونی هاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتواندا، بەسەر بەشە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوەدا)، دەکرێت ڕوونکردنەوەی زیاتری تایبەت بەم کێشەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١- ئایا هاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە؟ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزاکەدا بە ئاراستەی گردبوونەوەیە یان پەرش وبڵاو؟

٢- ئایا دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان، دابەشبوونێکی چوونیەکە، یان جیاوازی گەورە لە دەستە قەبارەییەکاندا بوونی هەیە؟

٣- دۆخی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە چۆنە؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەکانی توێژینەوە، بریتین لە وەڵامدانەوەیەکی پێشوەختی کێشەی توێژینەوەکە، یاخود ڕەنگە گریمانەکان بەشێکیان چارەسەری کێشەکانی توێژینەوەکە بن، گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە، هاوسەنگ نییە و جیاوازی لە دابەشبوونیاندا هەیە، بەجۆرێک هەریەکەیەکی کارگێڕی شێوازی جیاوازی وەرگرتووە.

٢- بوونی جیاوازی لە بارودۆخە ژینگەیی و مرۆییەکاندا، ڕەنگدانەوەیان هەبووە لە بوونی جیاوازی گەورە لە دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوانی قەزاکەدا.

٣- نەبوونی سیاسەتێکی ڕامیاریی دروست و هاوسەنگیی لە پەرەپێدانی نێوان شارو دێیەکاندا، هۆکار بوون بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی وکەمبوونەوەی دێنشینی لە قەزاکەدا.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە خستنەڕووی تەواوی تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) دا، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار وچارەسەرکردنی ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوان و وهۆکارەکانی لە ناوچەی توێژینەوەدا بخەینەروو.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

گومان لەوەدا نییە هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێبازێك یاخود چەند ڕێبازێکی توێژینەوە هەیە، تاکو ببێتە ڕەوتێکی زانستی بۆ بڕیاردان لەسەر تەواوی هەنگاوەکانی ناو توێژینەوەکە. لە گرنگترین ڕێبازە بەکارهاتووە کانیش لەم توێژینەوەدا بریتین لە: ڕێبازی پەسنی(المنهج الوصفی): لەم میتۆدەدا هەوڵدراوە واقعی ناوچەی توێژینەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییە دروستەکان لەسەر دانیشتوان وەك ئەوەی کە هەیە بخرێتە ڕوو. هاوکات لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی شیکاری (المنهج التحليلي) بۆ دانیشتوان و داتا دانیشتوانییەکان کراوە، هاوکات ڕێگا و ئامرازی ئاماری و شیکردنەوەی چەندێتی (تحليل الكمي) بەکاربراوە.

## سنووری توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە کات و شوێن و بابەتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت، بۆئەوەی ئامانج و هەنگاوەکانی توێژینەوەکە ڕوون و بابەتیبن، پێویستە سنوری توێژینەوەکە دیاریکراو بێت، تاکو بتوانرێت ئەنجامەکە بەسەر کات و شوێنێکی دیارکراودا بگشتێنرێت.


## سنووری شوێنی:

قەزای سەیدسادق لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانیی (”٣٣ ′١٥ °٣٥ – ”٠٥ ′٣٥ °٣٥) ی باکوری گۆی زەویو هێڵەکانی درێژیی (”٤١ ′٣٨ °٤٥ – ”٥٩ ′٥١ °٤٦)ی ڕۆژهەڵات، لەڕووی شوێنی جوگرافیاوە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانیو ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا، لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای شارەزووردا، لە بەشی ڕۆژئاوایەوە قەزای سلێمانی هەیە، لە هەریەك لە باکووری ڕۆژهەڵات و باکوریەوە هەریەك لە قەزاکانی پێنجوێن و شارباژێر بوونیان هەیە. سەبارەت بە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق، پێکهاتووە لە هەردوو ناحیەی: (سەنتەری قەزای سەیدسادق، ناحیەی سرۆچك)، کۆی گشتی ڕووبەری قەزاکە بریتیە لە (٦٩٦,٣) کم٢. بڕوانە نەخشەی (١).

## سنووری کاتی:

سنووری کاتیی توێژینەوەکە بریتیە لە ماوەی نێوان (١٩٥٧-٢٠٢٠)، واتە ساڵی بنەڕەت بریتیە لە (١٩٥٧) و ساڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە ساڵی (٢٠٢٠)، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار وچارەسەرکردنی ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوان و وهۆکارەکانی لە ناوچەی توێژینەوەدا بخەینەروو.

نەخشەی (١): شوێن وپێگەی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠٢٠).

یەکەم: دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوان

دابەشبوونی دانیشتوان؛ بەسەر جوگرافیا و ناوچە جیاوازەکاندا دابەشبوونێکی واقیعی (کەتواری)یە، بەو واتایەی تایبەتمەنییە سروشتی و مرۆییەکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن دانیشتوان لە کوێدا کۆببێتەوە و لەکوێدا بوونیان نەبێت، جگە لەوەی هیچ کات ئەوە ڕووینەداوە لە

هەموو مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤدا یەکسانی قەبارەیی و ژمارەیی هەبووبێت، هۆکارەکانی ئەم نابەرامبەرییە بۆ بوونی جیاوازی لە شێوەکانی سەر ڕووی زەوی و دابەشبوونی دەرامەتە سروشتییەکان و دۆخە جیاوازەکانی ژینگەی سروشتی و مرۆیی دەگەڕێتەوە. هەروەها کاریگەرییەکانی ژینگەی مرۆیش جارێکی تر هۆکارن بۆ دەرکەوتنی جیاوازی لە دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتواندا، هۆکارە مرۆییەکان بریتین لە هەریەك لە: (هۆکارە ئابوورییەکان، خزمەتگوزارییەکانی سەرخان و ژێرخان، هۆکاری کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و کارگێڕی) ەکان (السعدي، ١٩٧٦، ص ٣٣).

## ١-١- دابەشبوونی شوێنیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی شوێنیی دانیشتوان، دابەشبوونی دانیشتوانە بەسەر شوێنو بەشە جیاجیاکانی ناوچەی توێژینەوەدا، کە بێگومان هەر ناوچەیەك بەڕێژەی جیاواز دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە، ئەویش بەگوێرەی بارودۆخەکانی ژینگەی سروشتیو مرۆیی هەریەکە لەو ناوچانە دەبێت، باشترین دابەشکاریش بۆ جیاکاری شوێنەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە سنوری یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، بەم پێیەش قەزاکە دابەشبووە بەسەر هەردوو ناحیەی (سەنتەری قەزای سەیدسادق، ناحیەی سرۆچك). گرنگیی ئەم جۆرەی دابەشبوون لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە ئایا دابەشبوونی دانیشتوان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر تەواوی بەشەکانی ناوچەکەدا دابەشبووە، یاخود بەپێچەوانەوە جیاوازی و نابەرامبەری گەورە لە کۆبوونەوەی دانیشتوانی هەریەك لەو بەشانەدا هەیە و چڕیی نیشتەجێبوون لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت.

لە خشتەی (١)و نەخشەی (٢)ەوە دەردەکەوێت زۆرترین دانیشتوان دەکەوێتە بەشی باشووری ناوچەی توێژینەوەوە، واتە سەنتەری قەزای سەیدسادق، ئەویش بەهۆی کاریگەریی شاری سەیدسادقەوەیە، چونکە ئەم شارە سەنتەری قەزاکە دەنوێنێت، هەروەها زۆرترین دەزگای ئیداریو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و خۆشگوزەرانیەکانی تێدا بەرجەستە بووە، بۆیە دەبینین زۆرترین دانیشتوانی لەخۆگرتووە کە دەگاتە (٩٢٣٢٧) کەس، چڕیی گشتیی دانیشتوانیش بەرزترین بەهای تۆمارکردووە لەم ناحیەیەدا کە (٢٦٨کەس/کم٢) بووە، پاش ئەویش ناحیەی سروچك دێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣١٧٣)کەسەو چڕیی دانیشتوان تیایدا (٩کەس/کم٢) بووە.


هۆکاری کەمی نیشتەجێبوون لەباکووری قەزاکە واتە لەناحیەی سروچك، سەرەڕای نەگونجاوی تۆبۆگرافیاو ژینگەی سروشتیو نەبوونی زەوی کشتوکاڵیی پێویست بەهۆی ئاڵۆزیی جیۆمۆرفۆلۆجیەکەیەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناوچانە دوورن لە سەنتەرەکانی خزمەتگوزارییە کارگێڕیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی سەنتەری قەزاکەوە.

خشتەی (١): دابەشبوون و چڕیی گشتی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەپێی یەکە کارگێڕییەکان لەساڵی (٢٠٢٠)

| یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر (کم²) | ژ. دانیشتوان | چڕیی گشتی دانیشتوان (کەس/کم²) |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٣٤٣،٨١ | ٩٢٣٢٧ | ٢٦٨،٥ |
| ناحیەی سرۆچك | ٣٥٢،٥١ | ٣١٧٣ | ٩ |
| کۆی قەزا | ٦٩٦،٣٢ | ٩٥٥٠٠ | ١٣٧،١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٣) و دەرهاویشتەکانی پرۆگرامی (ArcMap10.8).

نەخشەی (٢): دابەشبوونی شوێنیی و چڕیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١).

## ٢-١- دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان:

قەزای سەیدسادق یەکێکە لەو قەزایانەی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیەکی بەرچاو دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە، بەردەوام ژمارەی دانیشتوانی بەرەو زیادبوون ڕۆشتووە، بەڵام ڕێژەی لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەردەوام کەمیکردووە، بە تێڕوانین لە خشتەی (٢) ئەم ڕاستیە ڕوونتر دەردەکەوێ، ژمارەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەساڵی (١٩٥٧)دا نزیکەی (١٧٦٠٦) کەس بووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٥,٨٪)ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، لەساڵی (١٩٦٥)دا ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە زیادیکردووە بۆ (٢٣٤٥٤)کەس، واتە نزیکەی (٥,٩٪)ی کۆی هەموو دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیی پێکهێناوە، لەساڵی (١٩٧٧) دا ژمارەی دانیشتوان بۆ (٤٠١٥٦) کەس زیاد دەکات، بەڵام ڕێژەکە بۆ (٥,٨٪) کەمدەکات، کەمبوونەوەکە بەردەوامی دەبێت، بەجۆرێك لە ساڵەکانی (١٩٨٧ و ٢٠٠٢ و ٢٠١٠ و ٢٠٢٠) بەدوای یەکدا بەردەوام لە کەمبوونەوەدا دەبێت بە ڕێژەکانی (٥٪، ٤,٣٪، ٤٪، ٣,٨٪). ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی گەشەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە گەشەی گشتی دانیشتوانی کۆی پارێزگاکە کەمترە.

کەواتە، ئاراستەی کۆچکردن (کۆچی ناوخۆیی) لە نێوان قەزای سەیدسادق و بەشەکانی تری پارێزگای سلێمانیدا، کۆچێکی نەرێنییە بەو واتایەی ئاراستەی کۆچ لە سنووری قەزای سەیدسادقەوە بۆ سەنتەری پارێزگا و بەشەکانی تری پارێزگاکە ئەنجام دەدرێت.

هەر سەبارەت بە دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان، بەڵام لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، وەك لە خشتەی (٣) و شێوەی (١) دا دەردەکەوێت، لەساڵی (١٩٥٧) دا تارادەیەك هاوسەنگی لەنێوان دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا بوونی هەبووە، بەوەی بەنزیکەی هەریەك لە ناحیەکانی (ناوەند و سروچك) ڕێژەی (٥٠٪) ی دانیشتوانی کۆی قەزاکەیان لەخۆیان گرتووە، دواتر لە ساڵی (١٩٦٥) دا هاوسەنگییەکە تێکدەچێت و ناحیەی سروچك زۆرینەی دانیشتوان لەخۆدەگرێت بەڕێژەی (٥٢,٥٪)، لەبەرامبەردا سەنتەری

قەزای سەیدسادق ڕێژەی (٤٧،٥٪) ی دانیشتوان پێکدەهێنێت.

خشتەی (٢): ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠

| ساڵ | ژ.دانیشتوانی قەزا | ژ. دانیشتوانی پارێزگا | ڕێژەی قەزا لەپارێزگا % |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٧٦٠٦ | ٣٠٤٨٩٥ | ٥،٨ |
| ١٩٦٥ | ٢٣٤٥٤ | ٣٩٩٧٦٨ | ٥،٩ |
| ١٩٧٧ | ٤٠١٥٦ | ٦٩٠٥٥٧ | ٥،٨ |
| ١٩٨٧ | ٤٧٨٧٢ | ٩٥١٧٢٣ | ٥ |
| ٢٠٠٢ | ٥٣٦٦٧ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٤،٣ |
| ٢٠١٠ | ٧٤٤١٦ | ١٨٥١٤٣٣ | ٤ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥٥٠٠ | ٢٤٨٨١٧١ | ٣،٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- زانیارییەکانی خشتەی (٣). ٢- (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠٢٠).

بەشێکی هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆئەوەی سروشتی ئەوکاتی دانیشتوانی قەزاکە و هەرێمی کوردستان بەگشتی، کە زیاتر کۆمەڵگەیەکی دێنشینی و کشتوکاڵی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر ناوچە شاخاوی و دژوارەکانیان هەڵبژاردوە بۆ نیشتەجێبوون، لە پرۆسەی کشتوکاڵیشدا زیاتر بەکاری پەروەدەکردنی ئاژەڵەوە سەرقاڵبوون، بۆیە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری قەزاکە، کە خۆی لە ناحیەی (سروچك) دا دەبینێتەوە زۆرترین دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە.

خشتەی (٣): ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی ناحیەکانی قەزای سەیدسادق، ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠


| ساڵ | سەنتەری قەزا | % | ناحیەی سروچك | % | کۆی قەزا | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٨٨٢٢ | ٥٠،١ | ٨٧٨٤ | ٤٩،٩ | ١٧٦٠٦ | ١٠٠ |
| ١٩٦٥ | ١١١٣١ | ٤٧،٥ | ١٢٣٢٣ | ٥٢،٥ | ٢٣٤٥٤ | ١٠٠ |
| ١٩٧٧ | ٢٢٧٠١ | ٥٦،٥ | ١٧٤٥٥ | ٤٣،٥ | ٤٠١٥٦ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧ | ٤٥٧٢٠ | ٩٥،٥ | ٢١٥٢ | ٤،٥ | ٤٧٨٧٢ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٢ | ٤٨٠٢٨ | ٨٩،٥ | ٥٦٣٩ | ١٠،٥ | ٥٣٦٦٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٠ | ٧٠٨٢٩ | ٩٥،٢ | ٣٥٨٧ | ٤،٨ | ٧٤٤١٦ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ٩٢٣٢٧ | ٩٦،٧ | ٣١٧٣ | ٣،٣ | ٩٥٥٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- (وزارة الداخلية، ١٩٥٧). ٢- (وزارة التخطيط، ١٩٦٥). ٣- (وزارة التخطيط، ١٩٧٧). ٤- (وزارة التخطيط، ١٩٨٧). ٥- (وەزارەتی

پلاندانان، ٢٠٢٠). ٦- (وەزارەتیی دارایی و ئابووری ٢٠٢٠).

شێوەی (١): دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان، لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٣).

بەڵام دواتر لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٧٧) دا زۆربەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە سەنتەری قەزای سەیدسادقدا کۆدەبنەوە بەرێژەی (٥٦,٥٪)، لە بەرامبەردا ناحیەی سروچك کەمتر (٤٤٪) ی دانیشتوانی لەخۆگرتووە. هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی پرۆسەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگەدا، کە جگە لە ئاژەڵداری پرۆسەی چاندن و کشتوکاڵی ڕووەکی پەیڕەوی لێدەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش زەوییە بەپیتەکانی باشووری سنووری قەزای سەیدسادق، کە سەنتەری قەزاکە دەکات باشترین و گونجاوترین شوێن دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، هەربۆیە لەم سەرژمێرییە و سەرژمێرییەکانی دواتردا چڕیی نیشتەجێبوون و قورسایی ژمارەیی دانیشتوان لە بەشی باشووری قەزاکەدا دەمێنێتەوە. هەربۆیە لە ساڵەکانی (١٩٨٧، ٢٠٠٢، ٢٠١٠ و ٢٠٢٠) دا، سەنتەری قەزا بە ڕێژەکانی: (٩٥,٥٪)، (٨٩,٥٪)، (٩٥,٢٪) و (٩٦,٧٪)، دەبێتە چڕترین شوێن لەڕووی دابەشبوونی ژمارەییەوە. تەنانەت جیاوازییەکە زۆر گەورەتر دەبێت و لەکۆتا ساڵی توێژینەوەکەدا کە ساڵی (٢٠٢٠)ە ناحیەی سروچك تەنیا ڕێژەی (٣,٣٪) ی دانیشتوانی قەزاکە لەخۆدەگرێت.

بەشێکی تری هۆکارەکان بۆ گۆڕانی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بەهۆی بەشێکی زۆر لە هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە لە ماوەی توێژینەوەدا بەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەدا هاتوون، بوونە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دێنشینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی شارنشین بگۆڕێن.

## دووەم: دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی قەبارەیی؛ بەرکەوتەی هەر مەڵبەندێکی دانیشتوانیە لەڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە، ئیتر ئەگەر لەسەرئاستی وڵات، هەرێم، پارێزگا یان ناحیە بێت (الراوي، ١٩٩٧، ص ٣١). بە دەربڕینێکی تر: بریتیە لە ڕیزبەندی قەبارەیی دانیشتوان بەگوێرەی قورسایی دانیشتوانیان، بۆ ئەم مەبەستەش ڕیزبەندیەکە پشت بە ژمارەی دانیشتوانی هەر نشینگە (شار و دێ)یەك دەبەستێت، بێگومان ئەم دابەشبوونە بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، کە بەرئەنجامی هۆکارە جۆراوجۆرەکانن، جگە لەوەی خودی جیاوازییە قەبارەییەکانیش جارێکی تر لێکەوتەی کۆمەڵێك بارودۆخی زاڵی ئەو ناوچەیەن، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم دابەشکارییە کۆمەڵێك دەستەی قەبارەیی دادەنرێن و بەگوێرەیان نشینگەکانیان پێدابەشدەکرێت (محمد، ٢٠٠٦، لا ٣٩).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لێکۆڵینەوە لە ڕیزبەندی قەبارەیی - ژمارەی دانیشتوان - لەگەڵ دابەشبوونی قەبارەیی نشینگەمرۆییەکان گرنگیەکی زۆری هەیە، کە هیچ کەمتر نییە لە لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی شوێنیی و جوگرافیایی، بەڵکو دەبنە تەواوکەری یەکتر، لە کاتێکدا قەبارەی شار یاخود دێهات پەیوەستە بە دەرهاویشتەی کارلێکی کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆییەوە، ئەگەر هاتوو ئەو هۆکارانە ئەرێنی بوون ئەوا ئەو نشینگانە زۆردەبن و گەشەدەکەن، هەروەها کاریگەرییە هەرێمیەکانیشیان بەجۆرێك زیاد دەبێت کە ڕەنگە بگاتە دەرەوەی سنوری ئیداری و سیاسی نشینگەکەوەو ببێتە مەڵبەندی کێشکردنی دانیشتوانی کۆچکردووی هەندێ لە نشینگەکانی دەوروبەری خۆی، بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو ئەو هۆکارانە نەرێنی بوون، ئەوا کاریگەریەکانیشی بەهەمان شێوە نەرێنی دەبن و نشینگەکە لەهەمان بارودۆخی خۆیدا دەمێنێتەوە، یان ڕەنگە بەشێکی دانیشتوانەکەی ببنە بەشێك لە پێکهاتەی نشینگەکانی تری دەورووبەری. کەواتە ڕیزبەندی قەبارەیی تیشك دەخاتە سەر ئەو هۆکارانەی بەشدارن لە نەخشاندنی ئەو دابەشبوونەی ئێستا هەیە، هەروەها دەرفەتی پەرەپێدانی ئەم نشینگانە لە داهاتوودا دەخاتەڕوو، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پلاندانەران و لایەنە بەرپرسەکان، تاکو پێشبینی بکەن لەسەر چونێتی دابەشبوونی نشینگەکان لە داهاتوودا، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ لە نەهێشتن و کەمکردنەوەی هەر کێشەو ڕێگرییەك دێتەپێش بۆ پلاندانەران لەکاتی جێبەجێکردندا، بەتایبەت کێشەکانی نیشتەجێبوون، ڕێگاوبان و ترافیك و پیسبوون و گرفتەکانی پەرەپێدان (کریم، ٢٠١٦، لا ١٢٣). بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوان زیاتر لە سەنتەرە شارنشینییەکاندا کۆدەبنەوە وەك لە دێیەکاندا، بەهۆی بوونی بەشێکی زۆر لە یەکە کارگێڕییەکان و مەڵبەندەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لەنێوان شار و دێیەکانیشدا زۆر ئەستەمە یەکسانی قەبارەیی بوونی هەبێت، بەڵکو هەمیشە جیاوازیی بارودۆخ و ژینگە سروشتی و مرۆییەکان و سەرخان و ژێرخانی هەریەك لە نشینگەکان جیاوازیی قەبارەیی دانیشتوان دێننە بەرهەم.

لە خشتەی ژمارە (٤)دا دابەشبوون و ڕیزبەندی قەبارەیی دانیشتوانی نشینگە مرۆییەکانی قەزای سەیدسادق خراوەتەڕوو، بەگوێرەی دابەشکارییەکە نشینگەکان بەسەر (٥) دەستەدا دابەشکراوون، گرنگیی دانانی دەستەکان لەوەدایە کە توانای دەرخستنی جیاوازییەکانمان بۆ ڕوونتر دەکەنەوە و هەنگاوەکان کورتدەکەنەوە، هەربۆیە بەیەکێك لە ڕێگە و ئامرازە ئامارییە گرنگەکان دادەنرێت بۆ خستنەڕووی دابەشکارییەك لەسەر بنەمای قەبارە (ژمارە) ئەنجامدرابێت.

خشتەی (٤): ڕیزبەندی قەبارەیی بۆ نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠

| یەکەی کارگێری / دەستە | ژمارەی نشینگە لە سەنتەری قەزا | ژمارەی نشینگە لە ناحیەی سرۆچك | کۆی قەزا |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١٠٠ کەس | ١٤ | ١٤ | ٢٨ |
| ١٠١-٥٠٠ | ١٩ | ٩ | ٢٨ |
| ٥٠١-١٠٠٠ | ٣ | ١ | ٤ |
| ١٠٠١-٥٠٠٠ | ٤ | ٠ | ٤ |
| زیاتر لە ٥٠٠٠کەس | ١ | ٠ | ١ |
| سەرجەم | ٤١ | ٢٤ | ٦٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- کاری مەیدانیی توێژەر بۆ تەوای دێیەکانی سنووری قەزای سەیدصادق. ٢- سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە (٢).


لە خشتەکەوە دەردەکەوێت: بەشێکی زۆری نشینگەمرۆییەکانی ناوچەی توێژینەوە لەجۆری قەبارە بچوکن، واتە دانیشتوانیان کەمە، هەر لەبەر ئەمەیە کە دەستەی یەکەم و دووەم (کەمتر لە ١٠٠ کەس، ١٠٠-٥٠٠ کەس) زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەیە کە هەریەکەیان (٢٨) نشینگەیان بەرکەوتووە، واتە ئەم دوو دەستەیە بەتەنیا (٥٤) نشینگەیان پێکهێناوە، کە دەکاتە (٨٣٪) ی کۆی هەموو نشینگەکان، دواتر دەستەکانی (٥٠٠-١٠٠٠) و (١٠٠٠-٥٠٠٠) هەریەکیان (٤) نشینگە، بەهەردوکیانەوە (٨) نشینگەیان پێکهێناوە، لەکۆتایدا دەستەی (زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس) تەنیا یەك نشینگەی بەرکەوتووە، ئەویش شاری سەیدسادق ناوەندی قەزاکەیە. لەم ئاراستانەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە زۆرینەی نشینگەکان لەجۆری قەبارە بچوکن. نشینگەکانی ناحیەی سروچك تەنیا لە سێ دەستەی یەکەمدا کۆبونەتەوە، لە دەستەکانی (١٠٠٠-٥٠٠٠ کەس) و (زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس) دا نشینگەی مرۆیی نییە، بەمەش بۆشایی لە دابەشبوونە قەبارەییەکەدا دروستکردووە.

هەروەها شێوەی ژمارە (٢) ئەوەمان بۆ دەردەخات، تاکو قەبارەی دەستەکان گەورەتربن نشینگەکان ژمارەیان کەمتر دەبێت، بە دەربڕینێکی تر بە زیادبوونی قەبارەی دەستەکان ئاراستەی لێژبی نشینگە پێکهێنەرەکان ڕوو لەکەمی دەکەن.

هەروەها نەخشەی ژمارە (٣) ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە نشینگەمرۆییە قەبارە گەورەکان زیاتر لە بەشی باشووری قەزاکە، واتە لەسەنتەری قەزای سەیدسادق هەڵکەوتوون، هۆکاری بوونی ئەم جیاوازی و نابەرامبەرییە بۆ کۆمەڵێ هۆکار دەگەڕێتەوە، دەتوانین هۆکارەکان بۆ دوو کۆمەڵە دابەشبکەین:

کۆمەڵەی یەکەم: بریتین لە هۆکارە سروشتییەکان، بەوپێیەی بەشی باکووری قەزاکە ناوچەیەکی شاخاوییە و تۆبۆگرافیایەکی ئاڵۆزی هەیە، لە بەرامبەردا بەشی باشووری ناوچەیەکی دەشتاییە و هاوسنوورە لەگەڵ دەریاچەی دەربەندیخاندا و جۆری خاکەکەی لە باشترین جۆرە، ئەویش (خاکی کەستەنائی) یە، هەروەها ئاستی ئاوی ژێرزەوی نزیکە لەڕووی زەوییەوە، جگە لەوەی چەمی چەقان و کۆمەڵێ چەمی گرنگی تر لە بەشی باشوری قەزاکە هەڵکەوتوون، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی نشینگە قەبارە گەورەکان لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە سەنتەری قەزادا کۆببنەوە.

شێوەی (٢): ئاراستەی دابەشبوونی دانیشتوانی نشینگەمرۆییەکان بەسەر دەستە قەبارەییەکاندا





(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٤).

## سییەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی ژینگەیی واتە دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەشارو گوندەکاندا، ئەم جۆرە دابەشبوونە بایەخێکی زۆری پێدەدرێت لە توێژینەوە دیمۆگرافییەکاندا، چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی دەردەخاتو ئەو ڕاستیانەش ڕووندەکاتەوە کە پەیوەستن بەسروشتی شێوازەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوانو شێوەی نشینگەکانو چۆنێتی دابەشبوونیان، جگە لەوەی کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕەوشی دیمۆگرافیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی دانیشتوان، هاوکات ڕۆڵی بەرچاویشی دەبێت لە پرسەکانی پەیوەست بە پلاندانانی هەرێمیو پرۆژەکانی گەشەپێداندا (De Brij, 1995, p 68-69).

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، باشتر وایە لەسەر دوو ئاستی جیاواز هەڵسەنگاندن و بەراورد بکرێت، ئەوانیش ئاستەکانی (ئاستی پارێزگای سلێمانی، ئاستی قەزای سەیدسادق)، گرنگیی ئەم بەراوردکارییە لەوەدایە، جیا لە دۆخی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی خودی قەزای سەیدصاق، دەتوانین بەراوردی ئەوە بکەین پێگەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بە بەراورد بە قەزاکانی تری پارێزگاکە لە چ دۆخێکدایە.

### ٣-١- دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق

لە خشتەی (٥) ەوە، دەتوانین ئەوە هەستپێبکەین، کە دابەشبوونی ژینگەیی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق چوونیەك نییە و جیاوازە، ئەگەر سەرنجبدەین دەبینین سەنتەری قەزای سەیدسادق، لەسەرەتاوە ڕێژەی دێنشینیی بریتیبووە لە (٨٨,١٪)، لە بەرامبەردا شارنیشنی بریتیبووە لە تەنیا (١١,٩٪). ڕێژەکان بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بوون، بەڵام سەرژمێری لەدوای سەرژمێری بەردەوام ڕێژەی شارنشینی زیادیکردووە و دێنشینی لە کەمبوونەوەدا بووە، بەجۆرێك لە کۆتا ساڵ (٢٠٢٠)، ڕێژەی دێنشینی دابەزیوە بۆ (١٤,٣٪)، لە بەرامبەردا شارنشینی بۆ (٨٥,٧٪) بەرزبۆتەوە. ئەم ئاراستانە ئەوەمان پێدەڵێن لەماوەی توێژینەوەکەدا دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی سەنتەری قەزای سەیدسادق جێگیریی بەخۆیەوە نەبینیووە و بەردەوام ڕێژەی دێنشینی کەمیکردووە و شارنشینی زیادیکردووە.

بەڵام لە ناحیەی سرۆچك، لەماوەی توێژینەوەکەدا و لەهەموو سەرژمێرییەکاندا بەردەوام ڕێژەی دێنشینی لە شارنشینی بەرزتربووە، بەڵام ڕێژەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە هیچ کام لە سەرژمێرییەکاندا ڕێژەی شارنشینی نەگەشتۆتە (١٥٪)، تەنیا لەساڵی (٢٠٢٠) دا گەیشتۆتە (١٩,٦٪)، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: کە کۆمەڵگەی دانیشتوانیی ناحیەکە لەڕووی ژینگەییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، تاکو ئێستاش ژیانی دێنشینی و پێکهاتەی ئابوورییان زیاتر سەر بەکەرتی کشتوکاڵە.

بەپێچەوانەوە دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان گۆڕاوە، جیا لە پیشەی کشتوکاڵکردن پیشەکانی تری وەك پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری برەویان پەیداکردووە و دانیشتوانی ناحیەکەش بەسەر پیشەکاندا دابەشبوون، ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە وایانکردووە دینشینی ڕێژەکەی کەمتربێتەوە و تەنیا ئەو کەسانە لە دێیەکاندا بمێننەوە بە پیشەی کشتوکاڵەوە خەریکن بە هەردوو جۆری چاندن و ئاژەڵدارییەوە. لەبەرامبەردا خاوەن پیشەکانی تر بۆ سەنتەری شاری سەیدسادق کۆچیانکردووە و تیایدا نیشتەجێبوون.

خشتەی (٥): دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەسەرئاستی ناحیەکان لەماوەی سالآنی (١٩٥٧-٢٠٢٠)


| ساڵەکان | سەنتەری قەزا | | | | ناحیەی سرۆچك | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | % | دێنشین | % | شارنشین | % | دێنشین | % |
| ١٩٥٧ | ١٠٥١ | ١١،٩ | ٧٧٧١ | ٨٨،١ | ٧٠٤ | ٨ | ٨٠٨٠ | ٩٢ |
| ١٩٦٥ | ١٦٠٤ | ١٤،٥ | ٩٥٢٧ | ٨٥،٥ | ١٧٢١ | ١٤ | ١٠٦٠٢ | ٨٦ |
| ١٩٧٧ | ٧٨٩٥ | ٣٤،٨ | ١٤٨٠٦ | ٦٥،٢ | ١٩٣٦ | ١١ | ١٥٥١٩ | ٨٩ |
| ١٩٨٧ | ٢٦١٩٣ | ٥٧،٣ | ١٩٥٢٧ | ٤٢،٧ | ٢١٥٢ | ١٠٠ | ـ ـ | ـ ـ |
| ٢٠٠٢ | ٣٠٢٨٢ | ٦٣ | ١٧٧٤٦ | ٣٧ | ٤٨٠ | ٨،٥ | ٥١٥٩ | ٩١،٥ |
| ٢٠١٠ | ٥٢٥٤٥ | ٧٤،٢ | ١٨٢٨٤ | ٢٥،٨ | ٥٢٢ | ١٤،٥ | ٣٠٥٦ | ٨٥،٥ |
| ٢٠٢٠ | ٧٩١٤٣ | ٨٥،٧ | ١٣١٨٤ | ١٤،٣ | ٦٢٢ | ١٩،٦ | ٢٥٥١ | ٨٠،٤ |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە (٣ و ٤).

هەروەها نەخشەی (٤)، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، لەساڵی (٢٠٢٠)دا دابەشبوونی ژینگەیی هەریەك لە (سەنتەری قەزای سەیدسادق و ناحیەی سرۆچك) پێچەوانەی یەکترن، لە سەنتەری قەزای سەیدسادق شارنشینی ڕێژەی (٨٥,٧٪) دانیشتوانە، بەڵام لە ناحیەی سرۆچك تەنیا (٦,١٩٪) ی دانیشتوانە، لە بەرامبەردا دێنشینی لە سەنتەری قەزای سەیدسادق تەنیا (١٤,٣٪)ی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ناحیەی سرۆچك (٨٠,٤٪)ی هەموو دانیشتوانی ناحیەیکەی پێکهێناوە.

هەر سەبارەت بە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، بەڵام ئەمجارەیان لەسەرئاستی کۆی گشتیی قەزاکە، ئەگەر سەیری زانیارییەکانی نێو خشتەی (٦) بکەین، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بە تێپەڕبوونی کات دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق گۆڕانکاریی گەورە و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. لەبەرئەوەی هەمیشە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەی مرۆیی بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، بۆیە چاوەڕوانکراوە، دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان، کە ڕەنگدانەوەی کارلێکەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتیە، گۆڕانکاریی بەسەردابێت و لەکاتێکەوە بۆکاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نابەرامبەری دروستببێت.

نەخشەی (٤) دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بو ناحیەکان لەساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٥).

خشتەی (٦): دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵەکان | شارنشین | | دێنشین | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ١٩٥٧ | ١٧٥٥ | ١٠ | ١٥٨٥١ | ٩٠ | ١٧٦٠٦ | ١٠٠ |
| ١٩٦٥ | ٣٣٢٥ | ١٤ | ٢٠١٢٩ | ٨٦ | ٢٣٤٥٤ | ١٠٠ |
| ١٩٧٧ | ٩٨٣١ | ٢٤،٥ | ٣٠٣٢٥ | ٧٥،٥ | ٤٠١٥٦ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧ | ٢٨٣٤٥ | ٥٩،٢ | ١٩٥٢٧ | ٤٠،٨ | ٤٧٨٧٢ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٢ | ٣٠٧٦٢ | ٥٧،٣ | ٢٢٩٠٥ | ٤٢،٧ | ٥٣٦٦٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٠ | ٥٣٠٦٧ | ٧١،٣ | ٢١٣٤٠ | ٢٨،٧ | ٧٤٤٠٧ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ٧٩٧٦٥ | ٨٣،٥ | ١٥٧٣٥ | ١٦،٥ | ٩٥٥٠٠ | ١٠٠ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٥).

لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) دا، تەنیا (١٠٪) ی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە شارەکاندا نیشتەجێبوون، لە بەرامبەردا (٩٠٪) ی دانیشتوانەکەی لە دێیەکاندا نیشتەجێبوون، ئەمەش واتای ئەوەیە زۆرینەی دانیشتوانەکەی دێنشین بوون و لە کەرتی کشتوکاڵیدا کاریانکردووە، تاکو سەرژمێری (١٩٧٧) کۆمەڵگەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە کۆمەڵگەیەکی دێنشین بوون، بەڵام لە سەرژمێری (١٩٨٧)ەوە پێچەوانە دەبێتەوە و لە کۆمەڵگەیەکی دێنشینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی شارنشین دەگۆڕێت، کە تیایدا شارنشینی زیاتر لە (٥٩٪) ی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، کەچی دێنشینی دابەزیووە بۆ (٤١٪). لەم سەرژمێرییەوە تاکو کۆتا ساڵی ماوەی توێژینەوەکە، بەردەوام ڕێژەی شارنشینی لە بەرزبوونەوەدا بووە و دێنشینی لە کەمبوونەوەدا بووە. تاکو لە کۆتا ساڵدا شارنشینی ئەوپەڕی بەرزی تۆماردەکات بە ڕێژەی (٨٤,٥٪)، لە بەرامبەردا دێنشینی بۆ (١٦,٥٪) دابەزیووە.

بەتێڕوانین لە شێوەی (٣)، جارێکی تر دەتوانرێ هەست بە گۆڕانی ئاراستەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی و دابەزینی ڕێژەی دێنشینی بکرێت، بۆیە دەکرێت هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم دوو ئاراستە پێچەوانەیە لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزاکەدا لەماوەی توێژینەوەدا بگێڕینەوە بۆ:

- ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزاکەدا، کە بەردەوام دەسەڵاتی سیاسیی ڕژێمی بەعس لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا ویستویەتی بەبیانووی جۆراوجۆر بەشێکی زۆری دێیەکانی ناوچە سنوورییەکان و ناوچە ستراتیجییەکان چۆڵبکات، بۆ مەرامی ناسیۆنالیزمی خۆی و تێکدانی ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان.
- سیاسەتی نادروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەوەی نەیتوانی سیاسەتێکی ئابووری بەهێز و هاوسەنگ لە هەموو کەرتە ئابوورییەکان دروستبکات، کە بەتەواوی کەرتی کشتوکاڵ و دێنشینی فەرامۆشکردبوو.
- ئەو تەوژمە جیهانییە شارنشینییەی کە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی گرتەوە، بەهۆی کرانەوەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەڕووی وڵاتانی پێشکەوتوودا، لەڕێگەی تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێتەوە، ئەم کرانەوەیە وایکرد دانشیتوانی قەزاکە هەوڵبدەن لەژیانی کشتوکاڵی و دێیەکان هەڵبێن و ڕوو لەشارەکان بکەن.
- باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی دانیشتوانی قەزاکە، لە دوای دەرچواندنی بڕیاری (٩٨٦) ی نەوت بەرامبەر بەخۆراك و دواتر سەربەخۆبوونی ئابووری هەرێم و فرۆشتنی سامانی سروشتی وەك نەوت، لەهەمان کاتدا دابەشکردنی داهاتەکەی بەشێوەیەکی نادروست لەڕێگەی دامەزراندنی نەشیاوی بەشێکی زۆری دانیشتوان لە فەرمانگە حکومییەکاندا.

شێوەی (٣): ئاراستەکانی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)





(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٢٠).

## ٣-٢- دابەشبوونی ژینگەیی لەسەرئاستی پارێزگای سلێمانی

بۆ ئەوەی جیاوازیی دابەشبوونی ژینگەیی قەزاکە لەگەڵ قەزاکانی تری پارێزگای سلێمانی و تێکڕای کۆی پارێزگاکەدا دەربکەوێت، باشترە بەراوردێك بکەین لە نێوانیاندا، خشتەی ژمارە (٧)، ئەو جیاوازییانەی خستۆتەڕوو، هەروەها دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی کۆی پارێزگاکەشی خستۆتەڕوو، تیایدا دەرکەوتووە، بەرزترین ڕێژە لە شارنشین لەنێوان سەرجەم قەزاکانی پارێزگای سلێمانیدا بریتیە لە قەزای (کەلار) بەڕێژەی (٩٤٪)، دواى ئەویش قەزاى سلێمانى دێت بە ڕێژەی (٩٢٪). لە بەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی دێنشینی دەکەویتە قەزای (ماوەت) ەوە بەڕێژەی (٨٤٪)، دواتر قەزای (قەرەداغ) بەڕێژەی (٧٥,٥٪)، گرفتەکە لەوەدایە ئەم دوو قەزایە خاوەنی کەمترین دانیشتوانن و نەیانتوانیوە لاسەنگیی دابەشبوونی ژینگەیی کۆی پارێزگاکە هاوسەنگ بکەنەوە، بۆیە تێکڕای سەرجەمی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لاسەنگییەکی گەورەی هەیە بە ڕێژەی شارنشینی (٨٦٪) و دێنشینی (١٤٪).

خشتەی (٧) دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەسەرئاستی قەزاکان بۆساڵی ٢٠٢٠

| قەزاکان | شارنشین | | دێنشین | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % |
| سلێمانی | ٩٤٠٣٧٤ | ٩٢ | ٧٩٩٩٣ | ٨ |
| سەیدسادق | ٧٩٧٦٥ | ٨٣،٥ | ١٥٧٣٥ | ١٦،٥ |
| شارەزوور | ٧٠١٨٢ | ٨٧،٣ | ١٠٢٠٣ | ١٢،٧ |
| هەڵەبجە | ١٠٦٦٩٨ | ٨٥،٥ | ١٨١٢٨ | ١٤،٥ |
| شارباژێڕ | ٨٠٥٨ | ٣٣ | ١٦٣٦٣ | ٦٧ |
| قەرەداغ | ٢٦٠٥ | ٢٤،٥ | ٨٠٣١ | ٧٥،٥ |
| کەلار | ٢١٥١٩٧ | ٩٤ | ١٣٤٤٦ | ٦ |
| کفری | ٤٢٧٤٩ | ٦٨ | ٢٠٠٣٤ | ٣٢ |
| پێنجوێن | ٢٩٠٩٢ | ٥٥ | ٢٣٨٥٧ | ٤٥ |
| دەربەندیخان | ٥٣١٢٨ | ٩٢ | ٤٧٢٦ | ٨ |
| دوکان | ٥١٤٧٧ | ٦١ | ٣٢٧٧٥ | ٣٩ |
| چەمچەماڵ | ١٧١٦٩٩ | ٨٨ | ٢٣٤٤١ | ١٢ |
| ماوەت | ١٧١٥ | ١٦ | ٨٩٩٢ | ٨٤ |
| ڕانیە | ٢٣٥٤٠٦ | ٨٨،٣ | ٣١١٤٠ | ١١،٧ |
| پشدەر | ١١٠٩٨٢ | ٧٤،٥ | ٣٧٩٥٦ | ٢٥،٥ |
| کۆی پارێزگا | ٢١١٠٦٨١ | ٨٦ | ٣٤٥٤٤٢ | ١٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: ١- (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠٢٠).

بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی و دابەزینی ڕێژەی دێنشینی، کاریگەریی نەخوازراو و خراپی لەسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان دەبێت لە هەردوو جۆری نشینگە شاری و دێییەکاندا، بۆیە دەکرێت کاریگەری و دەرئەنجامەکانی (پرۆسەی بەشاریبوون) لە ناوچەی توێژینەوەدا لەمانەی خوارەوەدا ببینینەوە (الشواورة، ٢٠٠٢، ص ٤٦٦-٤٩٦):

١- کێشەی نیشتەجێبوون لە شارەکاندا

٢- فراوانبوون و گەورەتربوونی مەودای جیاوازییەکانی نێوان شارو دێ.

٣- کێشەکانی گواستنەوە و ترافیکەکان لەشاردا

٤- دروستبوونی کەلێنی خۆراك و تێکچوونی ئاسایشی خۆراك

٥- بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لەشارەکاندا

٦- کێشەی پیسبوونی ژینگەی شارەکان

٧- کەمبوونەوەی توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن دەزگا و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانەوە.

٨- گرفتی شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبیل

٩- دروستبوونی کێشەی دەروونی و گرفتی کۆمەڵایەتی لەشارەکاندا.

١٠- زۆربوونی کێشە و گرفتە تەندروستییەکانی مرۆڤ بەهۆی قەرەباڵغی شارەکان و نەبوونی ژێرخانێکی باش لە دێیەکاندا.

## چوارەم: شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

توێژەرانی بواری جوگرافیا، لە توێژینەوەکانیاندا گرنگییەکی یەکجار زۆر بە دابەشبوون و شێوازەکانی دابەشبونی دیاردەکان دەدەن، ئەم هەنگاوە بە سەرەکیترین هەنگاوی ناو توێژینەوە جوگرافیاییەکان هەژماردەکرێت. مەبەست لەم هەنگاوە تەنیا کارێکی ڕووکەش و بێ ناواخن نییە، چونکە دواجار هەڵسەنگاندن دەکرێت بۆ شێوازی دابەشبوونەکانیان، بۆئەوەی هۆکارەکانی پشت دروستبوونی شێوازەکە بزانرێن، هاوکات بتوانرێ لە ڕێگەیەوە شیکارییەکی ورد بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شێوازانە بکرێت کە دابەشبوونەکە دروستیکردووە، ئیدی لەڕووی گونجاویی شوێنەکانیان یان پاڵنەرەکانی پشت دروستبوونی شێوازەکانەوە یان هەر مەبەستێکی تر بێت، کە بەلای توێژەرەوە گرنگەو دەیەوێ پەیوەندییەکانیان ببینێتەوە.

دابەشبوون، بە جەوهەری کاری جوگرافیا دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جوگرافیا تەنیا لە خودی دابەشبوونەکەو پەیوەندیەکانیان ناکۆڵێتەوە، واتە تەنیا لەو دیاردانە ناکۆڵێتەوە کە ناوچەیەك داگیردەکەن، بەڵکو جەخت لەسەر خودی ئەو شوێنە دەکاتەوە کە بەهۆی دیاردە دابەشبووەکانی ناویەوە دیاریکراوە، یان لە پەیوەندیە ژینگەییەکانیان، دەرئەنجامی ئەمەش ئەو پەیوەندیو کارلێکە تەواوکەرانەیە، کەلەنێوان دیاردەکاندا لە چوارچێوەی سنوری ناوچەکەدا بەدیدەکرێن، ئەمەش بەگرنگترین بابەتەکانی ناو زانستی جوگرافیا دەژمێردرێت (خیر، ٢٠٠٢، ص ٥٤). گرنگی دابەشبوونی جوگرافیایی لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە شوێن ڕۆڵی کارا دەگێڕێ لەقۆناغەکانی گەشەکردنو فراوانبوونی نشینگە مرۆییەکاندا. هەروەها نەخشەی دابەشبوون لە ڕیزی گرنگترین ئەو ئامرازانەدا دانراوە کە بایەخێکی زۆری لە توێژینەوە جوگرافییەکاندا هەیە، بەو پێیەی دەتوانرێ لە ڕێگەیەوە هۆکارە کاریگەرەکانی پشت دابەشبوونەکە لێکبدرێنەوە (کریم، ٢٠١٦، لا ٢٤). لەنێوان گرنگترین ئەو پێوەرە جۆراوجۆرانەی بەکاردێن بۆ پێوانەکردنی دابەشبوونی شوێنیو شێوازەکانیدا، دیارترینیان پێوەری شیکاریی نزیکترین دراوسێ (جار الاقرب) ە، کە ئامرازێکی بەکارهاتووە لەلایەن توێژەرانی بواری جوگرافیاوە، ئەوەی ئەم پێوەرە لە پێوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دوورە لەهەر ڕێژەیەکی هەڵەوە بە پێچەوانەی پێوەرەکانی ترەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە کە نزیکترین دراوسێ باوترین پێوەرە کە لە زانستی جوگرافیادا بەکاردێ بۆ پێوانەکردنی ڕادەی بڵاوبوونەوەی خاڵەکان لەدەوری یەکترو دۆزینەوەی شێوازی گشتیی ئەو بڵاوبوونەوەیە لە دابەشبوونە شوێنیەکاندا، پاشان ئەوەش دەستنیشان دەکات کە دابەشبوونەکە هەرەمەکیە، یان کۆبووەوەیە، یاخود


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پەرش و بڵاوە.

لایەنی شیکاریی هاوکێشەکە (العتبي، ٢٠١٣، ص ١٥٦):

$$R = 2 * d\sqrt{\frac{N}{A}}$$

R : بەهای نزیکترین دراوسێ.

D : تێکڕای دووریی ڕاستەقینەی نێوان دیاردەکان (نشینگەکان) لە دابەشبوونەکەدا.

N : ژمارەی دیاردەکان (نشینگەکان).

A: ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە.

ئەو شێوازانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم پێوەرەوە دەستمان دەکەون بریتین لە سێ شێوازی سەرەکی و چەند شێوازێکی تری لاوەکی هەر لە چوارچێوەی ئەو شێوازە سەرەکیانەدا، شێوازەکانیش هەریەکەیان پەیوەستن بەو بەهایەوە کە لەکۆتایدا دەستمان دەکەون، بەهاکانیش دەکەونە نێوان (٢,١٤٩≥R≥سفر) (السعيد، ١٩٨٦، ص ٩٥-٩٦) و (شحادة، ٢٠٠٢، ص ٢٠٣). بڕوانە خشتەی (٨).

خشتەی (٨): پۆلێنکردنی بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بەگوێرەی شێوازەکانی دابەشبوون


| شێوازی سەرەکی | بەهای نزیکترین دراوسێ | شێوازی لاوەکی | بەهای نزیکترین دراوسێ |
|---|---|---|---|
| نزیك لەیەکتر یان کۆبووەوە | ٠,٠٠ – ٠,٩٩ | تەواو کۆبووەوە | ٠ |
| | | کۆبووەوەیەکی نارێك | ٠,٠٠٠١ – ٠,٤٩ |
| | | مەیلەو هەڕەمەکی | ٠,٥ – ٠,٩٩ |
| هەڕەمەکی | ١ | | |
| پەرش و بڵاو | ١,٠١ – ٢,١٤٩ | پەرش و بڵاوی نارێك | ١,٠٠١ – ١,٩٩ |
| | | پەرش و بڵاوی ڕێکوپێك | ٢ |
| | | پەرش و بڵاوی دوور لەیەك | ٢,٠٠١ – ٢,١٤٩ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: ١-)الطرزي، ٢٠٠٧، ص ٢٢٨(.

### ٤-١- بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ نشینگەکانی قەزای سەیدسادق

وەك لە نەخشەی (٥) دا دەردەکەوێت، ژمارەی نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق بریتین لە (٦٤) نشینگە، کە بەشێوەیەکی تاڕادەیەك نارێك بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا بڵاوبوونەتەوە، بەشێکیان نزیکن لەیەکترەوە و بەشێکیان دوورن، یان بڵێین لە هەندێك شوێن کۆبووەوە دەردەکەون و لە هەندێك شوێنیش بەربڵاو، بۆیە بەشێوەیەکی یەکلایی و ڕوون ناکرێ بە تێڕوانین بڕیار لەسەر شێوازی دابەشبوونەکەی بدەین، بۆیە باشتر وایە پێوەرێکی ئاماری و کارتۆگرافی بەکاربهێنین بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونیان، باشترین پێوەریش وەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە بریتیە لە (نزیکترین دراوسێ).

نەخشەی (٥): دابەشبوونی نشینگەمرۆیەکان لە قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠





سەرچاوە: کاری توێژەر پاش بەکارهێنانی پرۆگرامی (ArcMap ١٠,٨) بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا.

لەپاش جێبەجێکردنی هاوکێشەکە بەسەر نشینگەکانی ناوچەی توێژینەوەدا لەڕێگەی سیستمی زانیاریە جوگرافییەکانەوە، دەرکەوت بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ نشینگە مرۆییەکانی قەزای سەیدسادق، بریتیە لە: (١,١٦٣٠١٢)، بە بەراورد کردنی ئەم بەهایە لەگەڵ پۆلێنکارییەکەی خشتەی (٨) و شێوەی بەدەستهاتووی (٤)، شێوازی دابەشبوونەکە بریتیە لە شێوازی دابەشبوونی (پەرش وبڵاو Dispersed)، واتە ئەنجامەکە (Significant) دەرچووە، بەمەش دەتوانین شیکاری بکەین، کە ئاڵۆزی تۆبۆگرافیا و جۆراو جۆری و نایەکسانی دابەشبوونی دەرامەتە سروشتیە جیاوازەکان، بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم جۆرەی دابەشبوون.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شێوەی (٤): شێوازی دابەشبوونی نشینگەمرۆییەکانی قەزای سەیدسادق، بەپێوەری نزیکترین دراوسێ




سەرچاوە: کاری توێژەر پاش بەکارهێنان و جێبەجێکردنی  پرۆگرامی (ArcMap 10.8) بەسەر نشینگەکانی ناوچەی توێژینەوەدا.


## ٤-٢- بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ نشینگەکانی قەزای سەیدسادق لەسەر ئاستی ناحیەکان

قەزای سەیدسادق، پێکهاتووە لە هەریەك لە (سەنتەری قەزا، ناحیەی سرۆچك)، کە هەموو نیشنگەکانی قەزاکەیان لەخۆیان گرتووە، نەخشەی (٥)، دابەشبوونی نشینگەکانی قەزای سەیدسادق تێدا خراوەتەڕوو لەسەرئاستی ناحیەکان، ئەگەر بەوردی سەرنجبدەینە دابەشبوونی نشینگەکانی هەریەك لە ناحییەکان، دەردەکەوێت شێوازی دابەشبوونیان زۆر جیاوازە لەیەکتری، نشینگەکانی سەنتەری قەزا لەشێوەی کۆمەڵی پێکەوەیی لەچەند بەشێکی سنووری ناحیەکە دابەشبوون، بەڵام نشینگەکانی ناحیەی سرۆچك دابەشبوونێکی بەربڵاو و دوور لەیەك دەنوێنن.

### ٤-٢-١- شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق:

بەتێڕوانین لە نەخشەی (٥) و شێوەی (٥)، دەردەکەوێت: شێوازی دابەشبوونی نشینگەمرۆییەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق، بریتیە لە (شێوازی هەڕەمەکی Random)، بەڵام هەڕەمەکییەکی نزیك لە شێوازی کۆبووەوە، هۆکاری دروستبوونی ئەم شێوازە لە دابەشبوونی نشینگە و دانیشتوان لە ناحیەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی سنووری ئەم ناحیەیە ناوچەیەکی تەختایی و دەشتاییە، باشترین جۆری خاکی تێدایە و بەشێکی گرنگی دەشتی شارەزووری پێکهێناوە، هەروەها دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو لە هەردوو جۆری (ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی)، هەروەها زۆرترین تۆڕی ڕێگەوبانی تێدایە بەهۆی ئاسانی و تەختیی ڕووی زەوییەکەیەوە، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی هەموو بەشەکانی سنووری ناحیەکە گونجاوبن بۆ نیشتەجێبوون، بەو واتایەی هیچ ناوچەیەکی نییە بۆ نیشتەجێبوون نەگونجێت، بۆیە دانیشتوان بەشێوازی هەڕەمەکی لە ناحیەکەدا دابەشبوون.

شێوەی (٥): شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادق بەپێوەری نزیکترین دراوسێ





سەرچاوە: کاری توێژەر پاش بەکارهێنان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی (ArcMap 10.8) بەسەر نشینگەکانی سەنتەری قەزای سەیدسادقدا.

٤-٢-٢- شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی ناحیەی سرۆچك:

ژینگەی سروشتی ناحیەی سرۆچك، سروشتێکی سەختی هەیە، شێوازەکانی سەر رووی زەویی ئاڵۆزە، بەگشتی ناوچەیەکی شاخاویە، ئەم تایبەتمەندیانە بوونەتە هۆی ئەوەی گرفت لەئاست نیشتەجێبوونی دانیشتواندا دروستبکەن، لەو رووەوە کە هەموو شوێنەکانی بۆ نیشتەجێبوون گونجاو نین. ئەم سنووردارییە ژینگەییانە بوونەتە هۆی ئەوەی شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی شێوازێکی (پەرش و بڵاو Dispersed) وەربگرن، بڕوانە شێوەی (٦).

شێوەی (٦): شێوازی دابەشبوونی نشینگەکانی ناحیەی سرۆچك بەپێوەری نزیکترین دراوسێ




سەرچاوە: کاری توێژەر پاش بەکارهێنان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی (ArcMap 10.8) بەسەر نشینگەکانی ناحیەی سرۆچکدا.

کەواتە: جیاوازی لە دەرکەوتنی شێوازە جیاوازەکانی نیشتەجێبوون و دابەشبوونی دانیشتواندا، ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە دابەشبوونی هەر دیاردەیەك (سروشتی بن یان مرۆیی) کاریگەرن بە بارودۆخە جیاوازەکان لەهەر شوێنێك، کە لەکۆتایدا جیاوازییەکانی دابەشبوون دەبنە هۆی دەرکەوتنی شێوازی جیاواز، هەریەك لە شێوازەکانیش ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو جوگرافیایەن تێیدا دابەشبوون.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دەرئەنجامەکان:

پاش کۆتاییهاتنی تەوای هەنگاو و پرۆسە زانستییەکانی ناو توێژینەوەکە، بەم ئەنجامە گرنگانەی لای خوارەوە گەیشتین:

١- دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق، دابەشبوونێکە ناهاوسەنگە، لەبەرئەوەی هەم لەسەر ئاستی دابەشبوونی ژمارەیی و هەم لەسەر ئاستی شوێن و بەشە جیاوازەکانی قەزاکە، دابەشبوونێکی چوونیەک نییە.

٢- لە دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان لە قەزاکە، جیاوازی و مەودای گەورە هەم لەسەر ئاستی شوێن و هەم لەسەر ئاستی دەستە قەبارەییەکان بوونیان هەیە.

٣- هاوشێوەی هەرێمی کوردستان و عێراق، تەوژمی بەشاریبوون قەزاکەی گرتۆتەوە و دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی گۆڕیوە، بەشێکی زۆری دانیشتوان لە سەنتەری قەزای سەیدسادق (شاری سەیدسادق)دا کۆبوونەتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی مەترسیدار بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لایەنی پەیوەندیدار هیچ پلان و ڕێگەچارەیەکی بۆ پرسەکە نییە.

٤- بەگشتی شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان، چ لەسەر ئاستی قەزاکە بەگشتی و چ لەسەر ئاستی هەریەک لە قەزاکان جیاوازییان هەیە، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە بەگوێرەی هاوکێشەی ئاماریی بەکارهاتوو، دەرکەوتووە دابەشبوونەکە پەیوەندیی بە بارودۆخی سروشتی و مرۆییەوە هەبووە، واتە ئەنجامەکە (Significant) دەرچوون.

٥- بە شێوەیەکی گشتی دۆخی دابەشبوونی دانیشتوان، بەگوێرەی سەرجەم پێوەرەکان دابەشبوونێکی نا هاوسەنگە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی و نەخوازراوی دەبێت بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان و دروستبوونی گرفتی ژینگەیی و تێکچوون یان لاسەنگبوونی ئاسایشی خۆراک.

## ڕاسپاردەکان:

١- دانانی سیاسەتێکی دانیشتوانیی تۆکمە، لەلایەن پارێزگای سلێمانی و قایمقامی قەزاکە و سەرۆکایەتی هەردوو شارەوانیی سەیدسادق و سرۆچک، تاکو لەڕێگەیەوە هەوڵ بۆ هاوسەنگکردنەوەی دابەشبوونی دانیشتوان بدرێت، هەروەها لەو سیاسەتەدا ڕەچاوی تەواوی بارودۆخی سروشتی و مرۆییەکان بکرێت.

٢- بوونی جیاوازی گەورە لە دابەشبوونی قەبارەییدا ئاماژەیە بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری لە بەشێکی نشبنگەکاندا و بەردەستیی لە بەشەکانی تریدا، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت ئەو جیاوازییە نەهێڵرێت.

٣- کەمکردنەوەی مەدای نێوان دابەشبوونی ژینگەیی دانیشوان، چونکە تەنیا لە حاڵەتی بوونی هاوسەنگیی دانیشتوانی شارو دێیەکاندا دەبنە تەواوکەری یەکتر، بەپێچەوانەوە بەرهەمی ناوخۆیی کەمدەکات و ڕێژەی بەکارهێنانی بەرهەمی دەرەکی زۆرتر دەبێت.

٤- زۆر گرنگە بتوانرێت سنوورێک بۆ تێکچوونی هاوسەنگیی دانیشتوان دابنرێت و هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێک بدرێت بۆ گێڕانەوە یاخود کەمکردنەوەی تێکچوونەکە، دەبێت حکومەت دەست بکات بە پلاندانانی هەرێمی و دوبارە هاوسەنگی کردن لە دابەشبوونی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری لەنێوان هەردوو ناحیەکەدا یاخود لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و دابین کردنی بودجە بە دادپەروەری بۆ ئەم قەزایە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

١- کتێب:

أ- تالیب، جەزا تۆفیق. (١٩٩٩). بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی. هەرێمی کوردستان.

٢- ماستەرنامە و تێزەکان:

أ: کریم، محمد مهدی. (٢٠١٦). "دابەشبوونی شوێنیی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان". ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی گەرمیان. خانەقین. هەرێمی کوردستان.

٣- سەرژمێری و ڕووپێوی و ئامارەکان:

أ- دەستەی ئاماری هەرێم. فەرمانگەی ئاماری سەیدصادق. (٢٠٢٠). زانیاریی بڵاونەکراوە. دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق.

ب- وەزارەتیی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی یەکی سلێمانی، فەرمانگەی دارایی قەزای سەیدصادق. (٢٠٢٠). داتای بڵاونەکراوە.

٤- سەردانی مەیدانی:

کاری مەیدانیی توێژەر بۆ تەواوی دێیەکانی سنووری قەزای سەیدسادق.(٢٠٢١). کۆکردنەوە و تۆمارکردنی تەاوی زانیارییەکانی پەیوەست بە ژمارەی دانیشتوان و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییان.

### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١- الكتب:

أ- أبو عيانة، فتحي محمد، مشكلات السكان في الوطن العربي. (١٩٩٩). الطبعة الأولى. دار المعرفة الجامعية للنشر والتوزيع. القاهره. مصر.

ب- حميدان، علي سالم والحبيس، ومحمود. (٢٠٠١). جغرافيا السكان (مدخل الى علم السكان). الطبعة الأولى. دار صفاء للنشر والتوزيع. عمان. الأردن.

ت- خير، صفوح. (٢٠٠٢). الجغرافية (موضوعها ومناهجها وأهدافها). الطبعة الأولى. دار الفكر المعاصر. بيروت. لبنان.

ث- الدعبوسي، أحمد سامر. (٢٠١٠). التنمية والسكان. الطبعة الأولى. مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع. عمان. الاردن.

ج- السعدي، عباس فاضل. (١٩٧٦). محافظة بغداد (دراسة في جغرافية السكان). الطبعة الأولى. مطبعة الأزهر (ساعدت جامعة بغداد على نشره). بغداد. العراق.

ح- السعيد، صبحي احمد. (١٩٨٦). نمط التوزيع المكاني والتركيب الوظيفي لمراكز الاستيطان البشري في منطقة نجد، ط ١، مطبعة جامعة الملك سعود. الجدة. السعودية.

خ- شحادة، نعمان. (٢٠٠٢). الاساليب الكمية في الجغرافية باستخدام الحاسوب. ط ٣، دار صفاء للنشر والتوزيع. عمان. الاردن.

د- الشواورة، علي سالم إحميدان. (٢٠٠٢). عدالة التنمية بين الريف والحضر. الطبعة الأولى. دار صفاء للنشر والتوزيع. عمان. الاردن.

ذ- العتبى، سامي عزيز عباس والطائي، اياد عاشور. (٢٠١٣). الاحصاء والنمذجة في الجغرافية، ط ١، مطبعة الامارة. بغداد. العراق.

٢- الرسائل والأطاريح:

أ: الراوي، حسين علي عبد محمد. (١٩٩٩). تغير توزيع سكان محافظة الأنبار وحركاتهم المكانية (للمدة عام ١٩٧٧-١٩٩٧). أطروحة دكتوراه (غير منشور). كلية الآداب. جامعة بغداد، بغداد. العراق.

٣- المجلات:

أ: محمد، خليل إسماعيل وأيوب خليل اسماعيل. (٢٠٠٦). "تحليل جغرافي لتوزيع المستوطنات الريفية في ناحية قوشته‌په". مجلة زانكۆ (مجلة العلةم الإنسانية جامعة صلاح الدين/ أربيل)، عدد ٢٨. أربيل. أقليم كردستان.

ب: الطرزي، عبدالله. (٢٠٠٧). "أنماط التوزيعات المكانية لمراكز الاستيطان البشري في محافظه اربد" (دراسة مقارنه وتحليله لصله الجوار). مجله اتحاد الجامعات العربية للآداب، المجلد ٤، العدد الثاني. الاردن.

٤- بيانات الحكومية:

أ- جمهورية العراق، وزارة الداخلية (١٩٥٧)، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل، لواء السليمانية.

ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط (١٩٦٥)، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، لمحافظة السليمانية.

ت- جمهورية العراق، وزارة التخطيط (١٩٧٧)، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد السكان، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، لمحافظة السليمانية.

ث- جمهورية العراق، وزارة التخطيط (١٩٨٧)، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد السكان، دائرة احصاءات السكان والقوى العملة، لمحافظة السليمانية.

**Third: English References:**

1-H. J. De Brij. (1995). “Human Geography Culture, Society, and Space”, 5th Edition, printed by Von Hoffmann press. New York. USA.